# خەونی خۆش " ئازایی..."

نووسینی: کاوە کالیراد "Kaweh Kalirad"

وەرگێڕانی لە ئاڵمانییەوە: نادر فەتحی بۆکانی (شوانە)

ڕاستەییەکەی ئەوەیە ئەگەر مرۆڤی گەشبین بەردەوام گوێڕایەڵی مرۆڤە ڕەشبینەکان بایەن، لەسەر ئەم جیهانە هیچ ئاڵ و گۆڕ و پێشکەوتنێک پێك نەدەهات. تایبەتمەنددیی و لێهاتوویی مرۆڤی ڕەشبین ئەوە نییە کە پرد بۆ نیزیککردنەوەی مرۆڤ و خەونەکانیانی بخولقێنێ، بەڵکوو زیاتر ووزەی خۆی بۆ دروستکردنی دیواری نێوانیان دەخاتە کار. مرۆڤی ڕەشبین وەدوای دۆزینەوەی ڕێگاچارەی کێشەکان ناکەون، بەڵکوو کێشەیەك دروست دەکەن کە خۆشیان ناتوانن چارەی کەن. بەڵام بەختەوەرانە مرۆڤی گەشبین سەریان لێناشێوێ و دیواری نێوان خۆیان و ڕەشبینەکان دەڕووخێنن، چونکە ئەوان ئەو کەسانەن کە بەدوای ڕێگاچارەدا دەگەڕێن. مرۆڤی گەشبین بوون کە گۆڕانیان بەسەر جیهانی ئێمەدا هێنا: **"مافی ئازادی نەك هەر بۆ من، بەڵکوو بۆ ئێوەش ..."** ئەوان ئەو کەسانە بوون بۆ گەیشتن بە ئاشتی بەبێ چەك بەشداری شەڕەکانیان کرد. ئامانجی ئەوان تەنیا خەون و خەیاڵ نەبوو بەڵکوو لە کردەوەدا چالاکییەکی بێ وچان بوو بۆ ئەوەی خەونەکانیان بەڕاست وەرگەڕێ. هەر بەوهۆیەوە ئەوان نەك هەر منداڵی خەونەکانن بەڵکوو منداڵانی متمانە پێکراویشن. ئەوان سەرەڕای بەرزبوونی وەسەر داری ژیانیان دەکەون. ڕاستەقینەی ژیان ئەوەیە کە ئەوانیش جار و بار دەکەونە زەوی و ئەوانیش لەو کێشە و داوانەی وا بۆیان دەنێنەوە پارێزراو نین، بەڵام ئەوان ئەو کەسانەن کە بەردەوام هەڵدەستنەوە و هەمیسان هاواری ئازادی بەرزدەکەنەوە. ئەو کارە ناوی ئازایەتییە.

ڕاستەقینە ژیان ئەوەیە کە ئێمەی مرۆڤ کەمتر ئازاین ئەو کارانەی خۆمان وەدوای کەوتوین کۆتایی پێبهێنین؛ بەڵام بەردەوام ئامادەین ئەو کارانەی لە لایەن زۆردارانەوە بۆمان دیاری دەکرێ، بەڕێوەی بەرین.

زۆر جار ئەو بوێرییەمان نییە ئەو ڕاستیانە بڵێین کە دەبێ بگوترێ و بەردەوام لەترسانە نایهێنینە سەر زمانمان. ئەو کاتەی شتێکیش دەڵێین، زۆر کەم لە ڕاستییەکان دەدوێین. بەڵام ئەگەر ڕۆژێ لەڕۆژان ڕەنگەکانیتر بە میوانی بێنە لامان و لە مێشکماندا ڕۆژە ڕەشەکانی ڕابردوومان وەبیر بێتەوە، لەخۆمان پرسیار دەکەین بوچی ئەو ئازاییەمان نەبووە ڕاستییەکان بێنینە سەر زمانمان؟ لەسەر شەقامەکان هەموو ڕۆژێ چاومان بە هەژارییەکی مەزن دەکەوێ، بەڵام بە گورجی لێی تێپەڕ دەبین چونکە ئەو ئازاییەمان نییە پشتیوانی لە قوربانیانی ئەو کارەساتە بکەین. ئەو قوربانیانە خۆیان بە تەنیا هەست پێدەکەن، چونکە کەس گرنگایەتیان پێ نادا. ئەوانیش هەر وەك ئێمە لەو مرۆڤانەن کە لە منداڵیدا ئارەزووی یاری و بەختەوەرییان بووە، چونکە ئەوانیش منداڵانی خەونە خۆشەکەن. ئەو منداڵانەی ڕۆڵە و ئەندامانی بنەماڵەی مرۆڤایەتین و تەنیا شتێکیان دەوێ، خۆشەویستی و سەلماندنیان لە لایەن کۆمەڵگاوە. بەڵام بەو هۆیەی ئێمەی ترسەنۆک، بێ دەسەڵات، تەمبەڵ و خۆبەزلزانین ئەو سێڵاوە لەبەرچاو ناگرین و دەمانەوێ لە جیهانێکی سالمدا بژین کە بە هیچ شێوەیەك سالم نییە. بۆیە لە دۆخی ئەو کەسانە ناپرسین کە لەسەر شەقامەکان بەربەرەکانی بۆ زیندوومانەوەیان دەکەن، چونکە ئەو ئازاییەمان نییە پێیان بڵێن ئەوان بە تەنیا نین. ئێمە سۆزداری و هەستی بەزەییمان لە قووڵایی دڵماندا دەشارینەوە، چونکە ئەو ئازاییەمان نییە لەگەڵ مرۆڤەکانیتر باسی بکەین و لەگەڵ هاوسۆزیی خۆمان بەشداریان کەین. ڕاستییەکەی ئەوەیە بەردەوام لە هەنبەر هەست و خەونەکانمان ڕادەکەین، کە ئەویش هەر دەبێ ناوی ترسی لێ بنێین.

ترس زۆر کەم بە تەنیایی بەڕێوەیە، چونکە لەگەڵ ووشیارییەك لەڕێدایە کە ڕەنگە بەرگی ڕیالیستێکی لەبەر دابێ بەڵام لە ڕاستیدا ڕەشبینێکی لە پشت خۆیدا شاردۆتەوە. ئەو ترسە پێش بە خەونەکانمان دەگرێ، ئەگەر ئێمە ئیتر خەون نەبینین، ڕۆژێك دادێ ئیتر باوەڕمان بەو خەونانەی دەمانویست بیانکەین بە ڕاست، نابێ. بەڵام ژیانەوەی خەونەکان لە ڕاستەقینە تێدەگا. هەر کام لە ئێمەی مرۆڤ دەتوانین گۆڕان بەسەر جیهاندا بێنین، چونکە هەرکام لە ئێمە دەتوانین خۆمان بگۆڕین. ئەوە یاسایەکی سروشتییە: **"ئازادی"** ئەگەر هەرکام لە ئێمە بتوانێ خۆی بگۆڕێ، جیهانیش

دەگۆڕێ. بەڵام بەداخەوە ئێمە وەدوای یاسای سروشت نەکەوتوین، بەڵکوو زیاتر وەدوای یاسادانەرانی ئەم جیهانە کەوتوین کە مەبەستیان هەرگیز گۆڕانی ئەرێنی کۆمەڵگاکان نییە. زۆربەی ئێمە ڕاستییەکان لە ڕوانگە و کاناڵی یاسادانەرانەوە سەیر دەکەین بەڵام ئەو ئازاییەمان نییە لە هەنبەر دیکتاتۆردا بوەستین. لەجیاتی گەشەپێدان بە شۆڕش مەیدان بە دیکتاتۆر دەدەین خوێنێکی زیاترمان لێ بڕێژێ.

بەو هۆیەی کە گرنگایەتی بە ئارامیی ناوماڵی خۆمان دەدەین و منداڵانی بێ پەنا و بێ ماڵ و ئاوارە لەبەر چاو ناگرین، ئەو لێهاتووییەمان تێدا پێکدێ کە تەنانەت ژیان و داهاتووی منداڵەکانی خۆمان لا گرنگ نەبێ و هەر کارەساتێکیان بەسەردا بێنن لامان ئاسایی بێ. بەڵام بەو هۆیەی ترسمان لەهەنبەر ڕاستەقینەدا هەیە، لە لایەکەوە داوای ژیانێکی باش بۆ ئەم جیهانە دەکەین: **"ژن، ژیان، ئازادی"** و لەولاشەوە سەرەڕای ئەوەی دەشزانین شۆڕشگێڕان بۆیە بێدەنگ دەکرێن، چونکە ئێمەش بێدەنگین، درێژە بە خوێریەتیمان دەدەین. بەردەوام دڵخۆشیی خۆمان دەدەینەوە کە ئەگەر سەبرمان هەبێ، ڕۆژێك گۆڕان دەکرێ. تەنیا بەو هۆیەی زەوی خۆی بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، چاوەڕوانین جیهانی ئێمەش خۆی گۆڕانی بەسەردا بێ! ئەوە ناوی هیوادارییە. ڕاستەییەکەی ئەوەیە ئەگەر بەردەوام مرۆڤی گەشبین گوێڕایەڵی مرۆڤە ڕەشبینەکان بایەن، لەسەر ئەم جیهانە هیچ ئاڵ و گۆڕ و پێشکەوتنێک پێك نەدەهات.